مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# فرنسا خلال حكم الجبهة الوطنية يونيو ١٩٣٦ – يونيو

م.م.صديق محمد صديق

sediq.mohammed@soran.edu.iq

جامعة سوران / كلية الآداب / قسم التاريخ

**الكلمات المفتاحية**: فرنسا, الجبهة الشعبية, الأسباب, ليون بلوم

**كيفية اقتباس البحث**

صديق , صديق محمد , فرنسا خلال حكم الجبهة الوطنية يونيو ١٩٣٦ – يونيو,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

# France during the rule of the National Front June 1936-June

**Assistant Lecturer : Siddiq Mohammed Siddiq**
**Soran University / Faculty of Arts / Department of History**

**Keywords** : France, popular Front, causes, Lèon Blum

**How To Cite This Article**
Siddiq ,Siddiq Mohammed , France during the rule of the National Front June 1936-June ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

This study provides a detailed examination of the popular fronts governance in France june 1936 to june 1937 regarded as one of the most critical periods in interwar history by highlighting the complex political and economic factors that catalyzed the formation of a broad coalition among leftist parties in response to the greate depression and the rising threat of fascism in europe. furthermore, the research offers a comprehensive analysis of the significance social Matignon agreements and the establishment of fundamental labor rights such as the reduction of working, hours and provisions of political conflict and financial pressures that ultimately led to the collapse, of this short/lived political experiment the study, employed a historical analytical approach to conclude that, despite its political failure. The popular fronts succeeded in creating a hostoric, shift in the French social system and serving as a model for preserving democratic values furing time of national crisis.

الملخص

تتناول هذه الدراسة بالبحث والتحليل فترة حكم الجبهة الشعبية في فرنسا, الممتدة من حزيران/يونيو ١٩٣٦ إلى حزيران/يونيو ١٩٣٧, والتي تحد إحدى أكثر المراحل حساسية في تاريخ ما

بين الحربين العالميتين. تسلط الدراسة الضوء على العوامل السياسية والاقتصادية المعقدة التي مهدت لتشكيل تحالف واسع بين أحزاب اليسار, كاستجابة للأزمة الاقتصادية العالمية ومخاطر تنامي الفاشية في أوروبا. ومن جانب اخر, تقدم الدراسة تحليلاً مستفيضاً لأبرز الإصلاحات الاجتماعية التي أقرتها حكومة ليون بلوم ولا سيما اتفاقيات ماتينيو وترسيخ الحقوق الأساسية للعمال, كتقليص ساعات العمل وضمان الإجازات السنوية مدفوعة الأجر. فضلاً عن ذالك, تتطرق الدراسة إلى تحديات السياسة الخارجية, والصراعات السياسية, والضغوط المالية التي أفضت في النهاية إلى انهيار هذه التجربة السياسية قصيرة الأمد.

وتخلص الدراسة, من خلال اتباع المنهج التاريخي تحليلي, إلى أن الجبهة الشعبية- رغم إخفاقها السياسي- تمكنت من إحداث تحول تاريخي في النظام الاجتماعي الفرنسي, وغدت أنموذجاً لصيانة القيم الديمقراطية إبان الأزمات الوطنية.

## فەڕەنسا لەماوەی حوکمڕانی بەرەی میللی حوزەیرانی ١٩٣٦-حوزەیرانی ١٩٣٧

**مامۆستای یاریدەدەر : صدیق محمد صدیق**

**زانکۆی سۆران / فاکەڵتی ئاداب / بەشی مێژوو**

sediq.mohammed@soran.edu.iq

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە شێوازێکی ورد، باس لە قۆناغی حوکمڕانی بەرەی میللی لە فەڕەنسا دەکات لە حوزەیرانی ١٩٣٦ تا حوزەیرانی ١٩٣٧، کە بەیەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی مێژووی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی دادەندرێت. لێکۆڵینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو هۆکارە سیاسی و ئابوورییە ئاڵۆزانەی کە بوونە هەوێنی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی فراوانی نێوان پارتە چەپەکان لە وەڵامی قەیرانی ئابوری جیهانی و مەترسیەکانی پەرەسەندنی فاشیزم لە ئەوروپا. لەلایەکی ترەوە، توێژینەوەکە شیکردنەوەیەکی ورد بۆ گرینگترین چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی حکومەتەکەی لیۆن بلۆم دەکات، بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی ماتینۆ و جێگیرکردنی مافە بنەڕەتیەکانی کرێکاران وەک کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کار و دابینکردنی پشوی ساڵانەی بە مووچە. جگە لەمانە، باس لە ئاڵەنگاریەکانی سیاسەتی دەرەوەو ئەو ململانێ سیاسی و فشارە داراییانە دەکرێت کە دواجار بوونە هۆی هەرەسهێنانی ئەم ئەزموونە سیاسییە کورتخایەنە. توێژینەوەکە لە ڕێگەی پەیرەوکردنی ڕێبازی شیکاری مێژووییەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەرەی میللی هەرچەندە ڕووبەڕووی شکست بووەوە، بەڵام توانی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی فەرەنسادا دروست بکات و ببێتە نمونەیەک بۆ پاراستنی بەها دیموکراسییەکان لەکاتی قەیرانە نیشتمانیەکان.

وشە کلیلەکان( فەڕەنسا، بەرەی میللی، هۆکار، لیۆن بلۆم)

پێشەکی:

لەمێژووی هاوچەرخی ئەوروپادا، گۆڕانکاریەکانی فەرەنسا لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا بەیەکێک لە ئاڵۆوزترین و پڕ بایەخترین قۆناغەکان دادەندرێت، کە تیایدا ململانێی ئایدۆلۆژی و پەرەسەندنی مەترسی فاشیزم و قەیرانی ئابوری جیهانی ١٩٢٩ ژینگەیەکی ناجێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتییان لەم وڵاتە خولقاند، لە وەڵامی ئەم ئاڵەنگاریانە و بۆ پاراستنی سیستەمی دیموکراسی لەهەمبەر هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، هاوپەیمانیەتێکی سیاسی فراوان لە پارتە چەپ و سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان لەژێر ناوی بەرەی میللی پێکهات، کە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٣٦بەسەرۆکایەتی لیۆن بلۆم دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی فەرەنسا لەماوەی حوکمڕانی بەرەی میللی: حوزەیرانی 1936_ حوزەیرانی 1937 هەوڵدەدات لایەنە جیاوازەکانی ئەم ئەزموونە سیاسیە کورتخایەنە بەڵام کاریگەر بخاتە ڕوو، کە وەک وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی هاوچەرخی فەرەنسا و ئەوروپا دەبیندرێت و وانەی گرینگ بۆ پاراستنی بەها دیموکراسیەکان لەخۆ گرتووە.

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە دەوری ئەو بۆشایە زانستی و مێژوویانە دەسوڕێتەوە کە پەیوەستن بە توانای سیستەمە دیموکراسیەکان لە بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی سیاسی و دارمانی ئابوریدا. هەروەها توێژینەوەکە بەدوای کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەریدا دەگەڕێت. لەوانە: هۆکارە ڕاستەقینەکانی دروستبوونی ئەم بەرە سیاسی و ململانێ ناوخۆییەکان چی بوون؟ تاچەند ئەم بەرەیە توانی لە ڕێگەی چاکسازییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە متمانەی جەماوەر بۆ دەسەڵاتی سیاسی بگێڕێتەوە؟ ئاستەنگە ناوەخۆی و دەرەکیەکان چی بوون کە بوونە هۆی ڕووخانی ئەم حکومەتە لەماوەیەکی کەمدا؟ گرینگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کەتەنها گێرانەوەیەکی مێژووی وشک نیە، بەڵکو شیکردنەوەیەکی زانستیە بۆ پەیوەندی نێوان بڕیاری سیاسی و ئاڵەنگاریە کۆمەڵایەتییەکان، کە کە دیدگایەکی ڕوون بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاڵەنگاریەکانی دیموکراسی هاوچەرخ لەهەمبەر نایەکسانی و توندڕەویدا پێشکەش بە خوێنەر و توێژەرانی بواری مێژووی سیاسی دەکات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وێنەیەکی گشتگیر لە ململانێی نێوان ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لە فەرەنسا بەرجەستە بکات.

بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی و بێلایەنانە، توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی شیکاری مێژووی بەستوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان و لێکدانەوەی سەرچاوە مێژووییە جۆربەجۆرەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی، کە زانیاری و بەڵگەنامەی گرینگیان لەبارەی ئەم قۆناغە دابین کردوە. پێکهاتەی توێژینەوەکەش لە دەروازەو چوار تەوەرە پێکهاتووە؛ دەروازەکە تەرخانکراوە بۆ بارودۆخی گشتی فەرەنسا پێش حوکمڕانی بەرەکە، تەوەرەی یەکەم و دووەم باس لە هۆکارەکانی دروستبوون و چاکسازییە ناوخۆیەکان دەکەن، تەوەرەی سێیەم و چوارەمیش سیاسەتی دەرەکی و هۆکارەکانی ڕووخانی بەرەی میللی شەن و کەو دەکەن. سەرەڕای گرفتەکانی وەک لێکدانەوە مێژوویەکان و فراوانی ڕووداوەکان، هەوڵدراوە بەشێوازێکی بابەتیانە سود لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی وەک بەرهەمەکانی کەمال

مەزهەر ئەحمەد و جولین جاکسۆن وەربگیرێت، کە زانیاری وردیان لەسەر بابەتەکە لەخۆ گرتووە. لەپاڵ ئەمانە چەندان سەرچاوەو ژێدەری تر بەکارهێندراون کە لەلیستی سەرچاوەکاندا هەن.

دەروازە/ پەرەسەندنی بارودۆخ لە فەرەنسا لەنێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٣٥

فەرەنسا شان بەشانی وڵاتانی هاوپەیمان یەکێک بووە لە وڵاتە بەشداربوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی وبە بەسەرکەوتویش لە جەنگەکە هاتۆتە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەرەرو زیانی زۆری بەرکەوت، چونکە زۆری جەنگەکان لەسەر خاکی ئەم وڵاتە یەکلایی دەبوونەوە (حسین-نعمة١٩٨٢: ٣٣٩) لەدوای جەنگیش فەرەنسا بەدەست شوێنەوارەکانی جەنگەکەوە دەیناڵاند، هەروەک سەرچاوەکان باسی لێوەدەکەن زیاتر لە ٨٠ هەزار باڵەخانەو سەدان میل لە هێڵی شەمەندەفەر وێران بوو بوون، سەرەرای لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە کارگەی پیشەسازی و زەوی کشتوکاڵی کە کاریگەی بەرچاوی لەسەر دارِمانی ئابوری هەبوو(ال طوی،٢٠٠٩: ٩٥)؛(ئەحمەد٢٠١٢: ٧٧), بەڵام بەهۆی میوانداریەتی فەرەنسا بۆ کۆنگرەی ئاشتی ١٩١٩ بریاردان لەسەر وەرگرتنەوەی هەردوو هەرێمی ئەلزاس و لۆرینی دەوڵەمەند بەسامانی سروشتی وخاکی لەبار بۆ کشتوکاڵ هەروەها وەرگرتنەوەی هەندێک لە قەرەبووەکانی جەنگ لە ئەڵمانیا بەپێی پەیمانامەی ڤێرسای، فەرەنسا ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا وڵاتە وێران کراوەکەی دووبارە بنیات بنێتەوە، بەڵام ئەوەندەش بەس نەبوو بۆ ئەوەی وڵاتەکە بگەرێتەوە باری ئاسایی خۆی(مجموعة مؤلفين دون سنة طبع:١٣٧)چونکە دوای جەنگ رووبەرووی شەپۆلێک لە نارەایەتی جەماوەری بوویەوە کەخۆی لە مانگرتنە کرێکاریەکان بەرجەستە کردبوو، لەم بارەیەوە سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکات تورەیی ناوەندە جەماوەریەکان دوای کۆتایهاتنی جەنگ تەقیەوە ئەمەش لەبەرئەوەی فەرەنسا زیاتر لە 1ملیۆن کرێکاری لەدەستدابوو لەو 2ملیۆن و 200هەزار کرێکارەی بەشداری جەنگیان کردبوو(أحمد٢٠٢٠: ١٠٢), لەلایەکی تریش فەرەنسیەکان بەردەوام مەترسیان لە ئەڵمانەکان هەبوو سەرەرای مەترسی کۆمۆنیزم، بۆیە دەتواندرێت بگوترێت فەرەنسا بەردەوام دوو مەترسی سەرەکی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەبینی کە ئەوانیش ئەڵمانیا و کۆمۆنیزم بوون(برادۆستی٢٠٢١: ١١٠).

فرەپارتایەتی و بێتوانایی حکومەتەکانی فەرەنسا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دوو هۆکاری سەرەکی بوون لەبەردەم حکومەتی ئەم وڵاتە کە نەتوانێت بەرنامەیەکی روون و ئاشکرا بۆ سیاسەتی دەرەوەی دیاری بکات، بۆیەش کێشەی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا و تەنانەت فەرەنسا و بەریتانیاش دووبارە دەربارەی قەرەبووەکان سەری هەڵدایەوە، هەرچەندە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە لیژنەیەک بۆ چارەسەری قەرەبووەکان لەساڵی ١٩٢٤بەناوی لیژنەی داوز پێکهات بەڵام پێشنیار و راسپاردە و بریارەکانی لیژنەکەش کۆتایی بە کێشەی قەرەبووەکان نەهێنا(نەوار_نەعنەعی٢١٢: ٥١٠)

ئەو بارودۆخەی فەرەنسای پێدا تێدەپەری رێگەی خۆشکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی چاکسازی، لە تشرینی دووەمی ١٩١٩ هەڵبژاردن ئەنجامدرا، سەرەرای

پاشەکشەی ڕاسترەوەکان بەڵام بەهۆی یەکگرتنیان توانیان ٤٠٠ کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنن ولەژێر ناوی گلۆتی نیشتمانی حکومەت بەڕێوە ببەن (أحمد٢٠٢٠: ١٠٣)بەمەش (جۆرج کلیمەنسۆ١٨٤١-١٩٢٩)وازی لەدەسەڵات هێناو (پۆل دیشانبە١٨٥٥-١٩٢٢)دەسەڵاتی وەرگرت، ئەویش بەهۆی نالەباری باری تەندروستی دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرت و(ئەلێکسەندەر میلران١٨٥٩-١٩٤٣)جێگەی گرتەوە(مجموعة مؤلفين دون سنة طبع:١٣٨-١٣٩).

زۆربەی ئەو حکومەتانەی لەدوای جەنگ دروست دەبوون حکومەتی هاوپەیمانی بوون لەپارتی ڕاسترەو پارێزگاران، چونکە تاکە پارتێک نەیدەتوانی بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت، لەبەر ئەوەی نەیان دەتوانی زۆرینەی کورسەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنن. گرینگترین کارەکانی حکومەتی گلۆتی نیشتمانی بریتی بوون لە دژایەتی کۆمۆنیستەکان و وەرگرتنی قەرەبوو لە ئەڵمانیاو داگیرکردنی هەرێمی ڕۆر، سەرەڕای ڕێگریکردن لە دابەزینی بەهای فرەنگ کە بەسیما وتایبەتمەندیەکی گرینگی بارودۆخ لە فەرەنسا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیدادەندرێت، بەڵام ئەم گلۆتەش زۆر لە دەسەڵات نەمایەوە بەتایبەتیش دوای ئەوەی سۆسیالیست و رادیکاڵەکان یەکیان گرت لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ١٩٢٤بەسەرکردایەتی(ئیدوارد هریۆ١٨١٥-١٩٥٨) حکومەتیان پێکهێنا (أحمد٢٠٢٠: ١٠٤-١٠٥)؛ (وڵاشی٢٠٢٥:٨٢)حکومەتەکەی هریۆش دووچاری هەمان نەهامەتی حکومەتەکەی پێش خۆی بوویەوە، بەڵام چەند کارێکی گرینگی ئەنجامدا لەوانە کشانەوەی سوپا لە هەرێمی ڕۆر و واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی لۆکارنۆ١٩٢٥ سەرەڕای ئەنجامدانی چەند چاکسازیەکی ناوخۆیی بەڵام بردنە دەرەوەی سەرمایە لەلایەن سەرمایەدارەکان یەکێک بوو لە هۆکارەکانی ڕووخانی حکومەتەکە(حسين-نعمه١٩٨٢:٣٤٤)؛(ئەحمەد٢٠١٢:٧٨).

لەتەموزی ١٩٢٦وەزارەتێکی نوێ بەسەرکردایەتی(هندری بوانکاریە١٩٢٦-١٩٢٩) پێکهات، ئەوەی ئەو حکومەتە لەوانی پێشخۆی جیادەکاتەوە چاکسازیکردن بوو لە سیستەمی باج کە لەماوەکانی پێشودا بەهۆی سەپاندنی باج بەسەریاندا سەرمایەدارەکان دژایەتی حکومەتەکانیان دەکرد، بەڵام بوانکارێ کارەکەی ئەنجامدا و ١١ملیار فرەنکی بۆ داهاتی خەزێنە زیادکرد، لەلایەکی تریش گرینگی بەبەرهەمی ناوەخۆدا و ڕێژەکە زۆر زیادیکرد تەنانەت هەناردەی دەرەوەش کراوە، بەڵام حکومەتەی ڕووبەڕووی کێشە بوویەوە گرینگترینیان مانگرتنە بەردەوامەکان و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری جیهانی بوو لەساڵی ١٩٢٩(أحمد٢٠٢٠:١٠٦)؛(وڵاشی٢٠٢٥:٨٨).

قەیرانی ئابوری جیهانی هەرچەندە لە ئەمریکا سەری هەڵدا بەتایبەتیش دوای ئەوەی بۆرسەی وڵاتەکە دوچاری داروخان بوو ژمارەیەکی زۆر پشک خرانە بازارەکان و بانقەکان و کۆمپانیاکان مایەپوچ بوونی خۆیان ڕاگەیاند، ئەم ڕوداوە کاریگەری لەسەر وڵاتان دروستکرد و قەیرانەکە بەرۆکی وڵاتانی ئەوروپای گرت(ئەحمەد٢٠١٢:٨٤) دەرکەوتنی نیشانەکانی قەیرانەکە تا ساڵی ١٩٣٠ لە فەرەنسا دواکەوت و کاریگەریەکەشی لەسەر پیشەسازیە بەکاربەرەکان زیاتر بوو وەک پیشەسازیە قورسەکان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە

كە ئابوری فەڕەنسا تاڕادەیەک هاوسەنگی هەبوو لەنێوان هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێکاری لەهەردوو کەرتەکە ڕووی لەزیاد بوون بووو هەروەک سەرچاوەکان باسی لێوەدەکەن ڕێژەی بێکاری تاساڵی ١٩٣٥ گەیشتە ١،٥ ملیۆن، ئەم بارودۆخە زەمینەی بۆ پارتە چەپەکان خۆشکرد بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٣٢ دەسەڵات وەربگرن، بەڵام ئەوحکومەتانەی پێکدەهاتن لاوازو ناجێگیربوون، چونکە نەیاندەتوانی ئەو بەڵێنانەی لە هەڵبژاردنەکان بەدەنگدەرانیان دابوو بەرنەسەر، ئەو ناجێگیریە سیاسیە ئەوەمان بۆ دەردەخات لەماوەی ٢٠ساڵی نێوان هەردوو جەنگ ٤٠ وەزارەت پێکهاتن، تەنها لەساڵی ١٩٣٥ پێنج وەزارەت ئاڵوگۆریان پێکراوە(القیسی واخرون دون سنە طبع:٧٠)؛(کاظم-عبد ٢٠١٥ :٩١-٩٢).

ئەوبارودۆخە ناسەقامگیریە ساسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەی لەنێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٣٥ فەرەنسا بەخۆیەوە بینی کە خۆی لە ناتەبایی پارتەکان و دابەزینی نرخی دراو مانگرتنی بەردەوامی کرێکاران بەرجەستە کردبوو دەرفەتیان لەبەردەم بەرەی میللی خۆشکرد کە لەساڵی ١٩٣٦ دەسەڵات وەربگرێت.

تەوەرەی یەکەم/ هۆکارەکانی دروست بوونی بەرەی میللی

دروست بوونی بەرەی میللی لە فەڕەنسا تەنها بەرهەمی سەرکەوتنی هەڵبژاردن نەبوو، بەڵکو ئەنجامی کۆبونەوەی چەندین هۆکاری قوڵی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی بوو، کە پێش ساڵی ١٩٣٦ کۆمەڵگای فەرەنسی هەژاندبوو ئەم هاوپەیمانیتیەی هێزە چەپەکان لەسەر بنەمای چەند مەترسیەکی سەرەکی دامەزرا گرینگترینیان قەیرانی ئابوری و هەڵکشانی فاشیزم بوو(Jackson1988:78)

هەرچەندە قەیرانی ئابوری جیهانی ١٩٢٩ بەدرەنگەوە گەیشتە فەرەنسا بەڵام پایزی ١٩٣٠ ئەم وڵاتەشی گرتەوەو کاریگەریەکانی درێژخایەن و وێرانکەر بوون پێچەوانەی وڵاتانی تر، چونکە ئابوری فەڕەنسا تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ بەردەوام لە پاشەکشەدابوو(ئەفیمۆفو ئەوانی تر ٢٠١٣:٢٧٩) لەئەنجامدا ڕێژەی بێکاری زیادیکرد، کارگەکانیش داخران، ئەمەش کاریگەری کردە سەر ئاستی بژێوی چینی کرێکار و کارمەندانی حکومەت(lefranc1965:37) بۆ نمونە بەرهەمی ئاوریشم کە بەشێکی زۆری بۆ دەرەوە هەناردە دەکرا لە ساڵی ١٩٣٤ بە بەراورد بەساڵی ١٩١٣بەرێژەی ٤٤٪دابەزی بوو، هەروەها ژمارەی بێکارانی تۆمارکرا و لەساڵی ١٩٣١ نزیکەی ٥٠ هەزارکەس بوو بەڵام ڕێژەکە لەساڵی ١٩٣٥ بوو بە نیو ملیۆن، بەنزیک بوونەوە لەساڵی ١٩٣٦ ژمارەکە گەیشتە ٢ملیۆن بێکار، سەرەڕای ئەوی کرێکاران لەهەفتەیەکدا بەشێوەی پچر پچر کاریان دەکرد، ئەمە بۆ کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵیش ڕاست بو قەیرانەکە بەقورسی کاری تێکردبوون لەم چارچێوەدا ٧٥٪ دانیشتوانی ئەم وڵاتە بێکار بوون(أحمد٢٠٢: ١٠٧) لەئەنجامدا زۆرێک لە بازرگان و جوتیارەکان مایەپوچ بوون، بەهۆی دابەزینی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و کەم بوونەوەی هێزی کڕین، پیشەسازیە سوکەکانیش زیانی زۆریان بەرکەوت و کەلوپەلی خواردەمەنی برێکی زۆری لێدەمایەوەو نەدەفرشرا بەمەش گورزێکی کوشندە بەر چینی ناوەڕاست و جوتیاران بەتایبەتی کەوت، کە بڕبڕەی

پشتی کۆماری سێیەمی فەڕەنسا بوون(ئەفیمۆفو ئەوانی تر،٢٠١٣، ٢٧٩)؛ .(lefranc1965:37)

لەنێوان ساڵانی ١٩٢٩-١٩٣٣ ئاستی بازرگانی دەرەکی لەنێوان وڵاتاندا ڕووی لەدابەزین کرد بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی پارێزگاری گومرگی کە وڵاتان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بۆ پاراستنی ئابوری خۆیان پەیڕەوی لێدەکرد، بۆیە بەرهەمی بەرهەمهێندراو ڕێژەکەی لە ١٣٪ لەساڵی ١٩٢٩ بۆ ٤٢٪ لەساڵی ١٩٣٣ بەرزبۆوە(صباح-مريم ٢٠٢٢-٢٠٢٣: ١٤)؛(ال طويش ٢٠٠٩: ٩٥) ئەمە کاریگەری لەسەر دابەزینی بەهای فڕەنکیش هەبوو بە ڕێژەی ٣٠٪ لەساڵی ١٩٣٦، بەڵام ئەم بەرزیە وەک خۆی نەمایەوە، لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٢٧ بۆ ١٤٪ دابەزی (مجموعة مؤلفين دون سنة طبع: ١٤٤).

قەیرانی ئابوری جیهانی تەنها کاری نەکردە سەر لایەنی ئابوری فەڕەنسا بەڵکو ناسەقامگیری سیاسیشی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم وڵاتە توانای چارەسەرکردنی قەیرانەکەییان نەبوو، سەرەڕای دەست بردن بۆ سیاسەتی کەمکردنەوەی خەرجی گشتی کەچی قەیرانەکەی قوڵتر کردەوەو تورەی جەماوەریشی زیاتر کرد(vigreux2022:32) بۆیە فەڕەنسا بەدەست دۆخی ناجێگیر بەردەوامەوە دەیناڵاند، حکومەتەکانیش لە چارەسەرکردنی دۆخەکە شکستیان دەهێنا، بۆ نموونە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢_١٩٣٥ چوار وەزارەت پێکهێندران بەڵام 5 جار گۆڕانکاریان بەسەرداهات کە ئەمەش ئاماژە بوو بۆ بێتوانایی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لەدۆخی ئابوری داتەپیودا (ال طويش٢٠٠٩: ٩٦) ئەم بارودۆخە ئابوریە نالەبارە زەمینەیەکی لەباری گەشەسەندنی بێزاری و تورەیی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەخساند و خەڵکی بەرەو بیرکردنەوە لە چارەسەر هاندا.

هاوکات لەگەڵ قەیرانی ئابوری، مەترسی فاشیزم هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ یەکگرتنی هێزە چەپەکان لە فەڕەنسا. هاتنەکایەی هێزی نوێ لە سییەکانی سەدەی بیست کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی سیاسی ناوخۆی فەڕەنسا بەجێهێشت، ئەم هێزانە بریتی بوون لە نازیەت لە ئەڵمانیا ١٩٣٣ و فاشیزم لە ئیتاڵیا ١٩١٩ ئەمانە زەنگی ئاگادارکردنەوەیەکی بەهێز بوون بۆ فەڕەنسا، چونکە سەرهەڵدانی دکتاتۆریەت لەم دوو وڵاتە دووبارە بوونەوەی جەنگ و لەناوبردنی دیموکراسی بوو لە ئەوڕوپا ( صباح-مريم ٢٠٢٢-٢٠٢٣: ١١-١٢)؛(كاظم-عبد٢٠١٥: ٩٢)بەمەش مەترسی ناوخۆیی ڕووی لەزیادی کرد بەتایبەتیش دوای دامەزراندنی چەند کۆمەڵەیەکی فاشیستی وەک(کۆمەڵەی کامیلۆتێس دو ڕۆی- کۆمەڵەی خاچی ئاگرین) ئەم کۆمەڵانە ژمارەی ئەندامەکانیان لە٣٠٠هەزار کەس تێپەری کردبوو سودیان لە قەیرانەکان وەردەگرت و بەئاشکرا دژایەتی کۆماریان دەکردو هەوڵیاندەدا دەسەڵات وەربگرن(مجموعة مؤلفين دون سنه طبع: ١٤٥)؛(Tartakosky1996:156).

بیروڕایەک هەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە فەڕەنسا کاریگەر نەبووە بەهەردوو بیروڕای فاشیەت و نازیەت چونکە خەڵکی وڵاتەکە هەر لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدە هەموو جۆرە حوکمڕانیەتێکیان تاقی کردۆتەوە لەپادشایەتی ڕەها و پاشایەتی دەستوری و سەردەمی کۆنسۆلیەت و پاشایەتی کۆماری...هتد بۆیە فاشیزمی فەڕەنسی جیاواز بوو لە فاشیزمی ئیتاڵی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٣

وئەڵمانی و درەنگتریش دروست بوو بوو وەک ڕەوتێکی سیاسیش لەقەڵەم نەدەدرا، هەروەها هاوشێوەی ئەم دوو وڵات خاوەن جەماوەرێکی زۆر نەبوو، لە پەیوەندیەکانیان پشتیان بە پارتە بۆرجوازیەکان وکەنیسەی کاسۆلیکی قایم بوو(ئەفیمۆفو ئەوانی تر٢٠١٣:٢٨٠) لەلایەکی تریش ئەم کۆمەڵانە لەلایەن ڕاسترەوەکانەوە پشتوانی دەکران تەنانەت کاریاندەکرد بۆ دروستکردنی سیستەمێکی دکتاتۆری فاشیستی و لەناوبردنی پەرلەمان، بۆ ئەم مەبەستە کێشەی ستافسکیان[١] قۆستەوە کەنزیکەی ١٢٠٠ بەرپرسی فەرەنسی تێوەگلابوون(کاظم-عبد٢٠١٥:٩٢) لەکاتی لێکۆڵینەوەکردن لەلایەن پۆلیس ناوبراو خۆی دەکوژێت، ئەم ڕوداوە هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ فاشیستەکان و لەساڵی ١٩٣٤ لە گۆڕەپانی کۆنکۆرد لە پاریس کۆبونەوەو هەڕەشەیان لە پەرلەمان کرد(أحمد٢٠٢٠: ١٠٨)لەبەرامبەردا ئەم ڕووداوە لەلایەن هێزە چەپەکانەوە وەک هەوڵێک بۆ ڕوخاندنی کۆمار لێکدرایەوە بەخاڵێکی وەرچەرخانیان دادەنا بۆ کودەتایەکی فاشیستی بەسەر حکومەت(vigreux2022:52) لە بەرامبەردا لە ١٢ شوباتی ١٩٣٥سەندیکا و پارتە چەپەکان بانگەوازیان بۆ مانگرتنی گشتی وخۆنیشاندانی هاوبەش دژی فاشیزم ڕاگەیاند، ئەم ڕوداوانە بۆ یەکەم جار سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانی پێکەوە هێنایە سەرشەقامەکان دژ بە فاشیست (Lefran1965:95) دەرگای بۆ دانوستان و دروستکردنی هاوپەیمانەتیەک کردەوە کە سۆسیالیست و ڕادیکاڵەکان لەیەک نزیک بکاتەوەو دواتریش بووە هۆکارێک لە هۆکارەکانی دروست بوونی بەرەی میللی(Berstein2006:80).

فرەپارتایەتی وململانێی نێوان سیاسەتمەداران و فەرمانڕەواکانی وڵات ڕێگربوو لەوەی پارتێکی بەهێز دەسەڵات وەربگرێت ئەمەش کاریگەی لەسەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی فەرەنسا هەبوو، چاکسازیە ناوخۆیەکان پشتگوێ خرابوون و لەسیاسەتی دەرەوەشیاندا ئامانجیان تەنها ئەڵمانیا وئیتاڵیا بوو، لەبەرامبەردا لە سۆڤییەتەکان نزیک بوونەوە لەم چوارچێوەیەدا پەیماننامەیەکیان لە ساڵی١٩٣٥ لەگەڵ واژۆ کردن بۆ ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی لەگەڵ حکومەت ئاشت بێتەوەو بەیەکەوە ڕووبەڕووی ئەم دوو وڵاتە ببنەوە(نەوار-نەعنەعی٢٠١٢: ٥١٣).

بەرنامەی هەڵبژارن: دوای ئەوەی زۆرێک لە پارتەکان یەکیان گرت لە ١١کانونی دووەمی ١٩٣٦ بەمەبەستی سەرکەوتن لە هەڵبژاردن بەرنامەیەکی گشتیان ڕاگەیاند، کە چەند خاڵێکی لەخۆ گرتبوو، باشترکردنی دۆخی کرێکاران، بڕیاردان لەسەر لێبوردنی گشتی، ڕێگریکردن لە چالاکی ڕێکخراوە فاشیستەکان، خۆماڵیکردنی بانقەکان وکەم کردنەوەی قۆرغکاری وسەپاندنی باج بەشێوەی پلەبەندی ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی ئازادی ڕۆژنامەوانی بەرتەسک دەکەنەوە، کردنەوەی سەندیکاو نوسینگەی تایبەت بەجوتیاران بۆ دیاریکردنی نرخ و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان، باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی چینەکانی کۆمەڵگا(وڵاشی٢٠٢٥: ٩٢).

ڕوداوکانی ساڵی ١٩٣٥ ئەوەیان سەلماند ئەو حکومەتانەی لە فەڕەنسا دروست دەبوون نەیاندەتوانی بارودۆخی وڵات بەرەو باشتر ببەن، چونکە لەسەردەمی دەسەڵاتی (کامی شوتان١٨٨٥- ١٩٣٦)مانگرتنەکان بەردەوام بوون، کاتێکیش(غاستون دومیرغ١٨٦٣-

١٩٣٧)دەسەڵاتی وەرگرت سەرەڕای بەردەوامی مانگرتنەکان، ٨٥ هەزار فەرمانبەریشی لە کارەکانیان دووەرخستەوە، سەرەڕای برینی موچەی کرێکارانی هێڵی ئاسنین وخانەنشینان و کەم کردنەوەی باج، بەڵام ئەوەی زیاتر کاریگەربوو حکومەتەکەی(پیر ئیتین فلاندان١٨٨- ١٩٥٨)بوو، دەستی کردبوو بەکەم کردنەوەی تەمەنی خانەنشینی بۆ ٥٥ساڵی، ئەم ڕێوشوێنانە نارەزایەتیەکانی زیاتر کردو ڕێگەی بۆ بەرەی میللی خۆشکرد دەسەڵات وەربگرێت (أحمد٢٠٢٠: ١٠٩-١١٠)؛(صباح-مريم٢٠٢٢-٢٠٢٣: ١٣).

تەوەرەی دووەم/ فەرەنسا لەماوەی حوکمڕانی بەرەی میللی ١٩٣٦-١٩٣٧

لە سیەکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی بەهێزبونی فاشیزم لەئیتاڵیاو نازیزم لە ئەڵمانیا مەترسیەکانی سەر فەرەنسا زیاتر بوون بۆیە وڵاتەکە پێویستی بە حکومەتێکی بەهێز هەبوو بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەم دوژمنە، سەرەڕای هەبوونی چەندان پارت کە بەردەوام ململانێیان لەنێواندا هەبوو هیچ پارتێک نەیدەتوانی بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت بەتایبەتیش دوای ئەوەی چەند پارتێکی تر لە ڕاسترە و چەپڕەوەکان دروست بوون(وڵاشی٢٠٢٥:٩١) بۆیە مێژونووسی ئینگلیزی (یوجین ویبەر) ئەم ساڵانە "بەساڵانی بۆش" وەسف دەکا چونکە هەڵکشانی فاشیزم لە ئیتاڵیا ونازیزم لە ئەڵمانیا مەترسیەکی گەورەی لەنێوان هێزە دیموکرات و چەپەکان دروستکرد(weber1994:250).

ئەم بارودۆخانەی سەرەوە پارمەتیدەر بوون بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی بەرەی ناڕازی، بۆیەش هەرسێ پارتە گەورەکە سۆسیالیست، ڕادیکاڵ وشوعیەکان لەگەڵ ٧ ڕێکخراوی تری چەپ یەکیان گرت و ژمارەیان بوو بە ١٠ پارت[٢] و بەرەی میللیان پێکهێنا(أحمد٢٠٢٠: ١١١) پێکهێنەرە سەرەکیەکانی ئەم بەرەیە لە ١٠کانونی دووەمی ١٩٣٦ بەرنامەیێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە لەسەر سێ دروشمی بنەڕەتی بنیات نرابوو(نان، ئاشتی، ئازادی) (Geofr2021,)ئەمەش ئاماژە بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی قەیرانی ئابوری و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە فاشیستەکانو پشتبەستن بە ئاسایشی بەکۆمەڵ بۆ پاراستنی ئاشتی (vegreux2022:110112) لەسەر بنەمای ئەم بەرنامەیە بەرەی میللی توانی زۆرینەی گەلی فەرەنسی لەدەوری ئامانجەکانی کۆبکاتەوەو لە هەڵبژاردنی ئایاری ١٩٣٦ (Berstein2006:515)؛(أحمد٢٠٢٠: ١١٢)، لەکۆی ٦٠٣ کورسی ٣٨١ کورسان بەدەستهێنا کە دەیکردە ٥،٥ ملیۆن دەنگدەر لەبەرامبەدا پارتەکانی تر٢٢٢کورسییان بەدەست هێنابوو(حسين-نعمة١٩٨٢ :٣٥٠) ؛(كاظم-عبد٢٠١٥ :٩٤) لەم هەڵبژاردندا شوعیەکان دەنگیان زۆر زیادی کردبوو لە ١٠کورسی لە هەڵبژاردنی پێشوو بۆ ٧٢ کورس زیدیکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشدار نەبوون لە حکومەت تەنها بەڵێنیان بەم بەرەیەدا کە پشتوانیان لێبکەن بەومەرجەی بەرنامەی پێش هەڵبژاردن جێبەجێ بکەن (القيسي وأخرون دون سنه طبع:٧٢).بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار لە مێژووی فەڕەنسا حکومەتێکی نوێ لە ٤حوزەیرانی ١٩٣٦ بەسەرۆکایەتی لیۆن بلۆم[٣] پێکهات کە ٢١ وەزارەتی لەخۆدەگرت، ١٢وەزیر لە پارتی سۆسیالیست و ٩ وەزیر لەپارتی ڕادیکاڵ. (أحمد٢٠٢٠: ١١٣)؛(وڵاشی٢٠٢٥: ٩٢).

لەگەڵ دەست بەکار بوونی حکومەت قۆرخکارو سەرمایە دارەکان دووچاری دڵەڕاوکێ بوونەوە ئەوەش لەوکاتەدا ڕویدا کە حکومەتەکە دەست بەجێ ڕووبەڕووی شەپۆلێکی گەورەی مانگرتنی کرێکاران بویەوە، کە زیاتر لە ٢ ملیۆن کرێکار بەشداریان تێدا کرد، هەروەک جاکسۆن باسی لێوەدەکات ئەم مانگرتنانە پلان بۆ دارێژراو نەبوون بەڵکو تەقینەوەیەکی خۆرسیکی هیواو چاوەڕوانی بوو لە حکومەتە نوێیەکە لەبەرامبەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لەوبەرنامەیەی پێش هەڵبژاردن ڕایگەیاندبوو (Jackson1988:80-82) لەوەڵامی ئەم فشارەدا حکومەتی بلۆم لە ٧حوزەیرانی ١٩٣٦ واتا ٣ڕۆژ دوای دەست بەکاربوونی کابینە وزاریەکە دانووسانی نێوان خاوەن کارو سەندیکاکان ڕێکخراو لەئەنجامدا ڕێکەوتننامەی ماتینۆ هاتە کایەوە، گرینگترین خاڵەکانی ئەم ڕێکەوتنە(مجموعة مؤلفين دون سنة طبع:١٤٧-١٤٨)؛(prost 2002:41) بریتی بوون لە:-

١- دانپێدانان بە مافی سەندیکاکان و دانوسانی بەکۆمەڵ: بەپێی ئەم ڕێکەوتنە بۆ یەکەمجار خاوەنکارەکان ناچارکران دان بەمافی کرێکاراندا بنێن بۆ ڕێکخستنی سەندیکاو دانووستان کردن لەسەر مەرجەکان، بەشێوەیەکی گشتی هاوسەنگی هێزی لەنێوان کارو سەرمایەدا گۆری (colton1966:155)هەروەها پاراستن و هاندانی حکومەت بۆ ڕێکخراو سەندیکاکان بووە هۆی زیادبوونی ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی سەندیکاکان، کە لەماوەی ١ ساڵدا لە ١ملیۆن بوون بە ٥ملیۆن، هەروەها هێزی کرێکاران بەهۆی یەکگرتنەوەی نێوان یەکێتیە کرێکاریەکانی شوعی و نا شوعیەکان زیادیکرد(القیسی واخرون جون سنة طبع: ٧٣).

٢- زیادکردنی کرێی کرێکاران: بەپێی ڕێکەوتنەکە کرێی ڕۆژنەی کرێکاران بەشێوەیەکی گشتی لە ٧٪ بۆ ١٥٪ زیادکرا و هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ باشترکردنی گوزەرانی ئەم چینە(ئەفیمۆفو ئەوانی تر٢٠١٣: ٢٨٣).

٣- یاسای ٤٠کاتژمێر کارکردن لە هەفتەیەکدا: پەرلەمان یاسایەکی مێژووی دەرکرد هەفتەی کاری لە ٤٨کاتژمێر کەم کردەوە بۆ ٤٠کاتژمێر، بەبێ کەم کردنەوەی موچە، ئامانج لەم هەنگاوە دابەشکردنی کارو کەم کردنەوەی بێکاری بوو(Jackson1988:147-148).

4- پشووی ساڵانە بەموچە: بۆ یەکەم جار لە مێژوی فەڕەنسادا کرێکاران مافی وەرگرتنی پشووی ساڵانەیان بەموچە پێدرا، ئەم یاسایە تەنها دەسکەوتێکی ئابوری نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی کلتوری بوو؛ لەمیانەدا سەدان هەزار خێزانی کرێکار بۆ یەکەم جار توانیان گەشت بکەن (webar1994:251).

لەلایەکی تر حکومەت یاسای تایبەتی بۆ کڕینی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بەنرخێکی دیاریکراو دەرکردو لەدۆخی بانقەکانی کۆڵیەوە، جگە لەم چاکسازیانە حکومەتەکەی بلۆم هەڵسابە کەمکردنەوەی موچەی کارمەندان و هەڵوەشاندنەوەی قەرزە تایبەتیەکانی جەنگ، لەبەرامبەردا باجی لەسەر هەندێک پیشەسازی زیادکرد، بەمەش داهاتی خەزێنەی حکومەت بۆ ڕێژەی ٧٥٪ بەرزبۆوە(أحمد٢٠٢٠: ١١٤) ئەم بەرنامە ئابوریە لەماوەی ٣مانگ جێبەجێکرا و تاڕادەیەک کاریگەری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی نرخەکان، هەروەها

بەرنامەکە ڕووەو ڕودانێکی بنەڕەتی لە ڕێکخستنی بەڕێوەبردن و یاسادانان و کرێکاری و وەبەرهێنان و دارایی هەنگاوی دەنا، بەجۆرێک ببێتە بناغەیەک بۆ بەهێزکردنی فەڕەنسا، لەگەڵ ئەمانەشدا کاریانکرد بۆ پاکتاوکردنی فاشیستەکان وخۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر ئەگەرێک لەلایەن ئەڵمانیاوە(نەوار-نەعنەعی،٢٠١٢، ٥١٤)؛(مجموعة مؤلفين دون سنة طبع: ١٤٧).

سەرەڕای ئەو هەنگاوانە بارودۆخی ئابوری بەردەوام لە پاشەکشەدا بوو، لەبەرئەنجامی دابەزینی بەهای فرەنک و بردنەدەرەوەی سەرمایە لەلایەن سەرمایەداران، جگە لە کەم بوونەوەی ئاستی بەرهەم هێنان و بەردەوامی مانگرتنە کرێکارییەکان لەم دۆخەدا سەرمایەداران و خاوەن کارگەو کۆمپانیاکان ڕەتیان کردەوە هاوکاری حکومەت بکەن، چونکە هەنگاوەکانی حکومەتیان بەمەترسی دەزانی بۆسەر بەرژەوەندیەکانیان(ال طويش٢٠٠٩: ٩٨).

دەتوانین بڵێین بەرەی میللی بەرنامەو ئامانجی زۆری هەبوو، چاکسازی زۆریشی ئەنجامدا، بەڵام نارەزایەتی لایەن ئۆپۆزسیۆنەکان و گەندەڵی لەدام و دەزگاکانی حکومەت بەجۆرێک بوو نەدەتواندرا بەچەند چاکسازیەک ڕیشەکێش بکرێت، چونکە تواناکانی ئەم بەرەیە بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی سنوردار بوو(القيسي واخرون دون سنة طبع: ٧٤).

تەوەرەی سێیەم/ پەیوەندیە دەرەکیەکانی فەڕەنسا لەماوەی دەسەڵاتی بەرەی میللی

پێش دروست بوونی بەرەی میللی فەڕەنسا لە سیاسەتی دەرەوەیدا جەختی لەسەر کۆمەڵێک پرس دەکردەوە، بۆیە گرینگیدان بە سیاسیەتی دەرەکی پایەیەکی گەورەی لە ستراتیژیەتی وڵاتەکە هەبوو، ڕۆڵی فەڕەنسا لەوکاتەوە بەدیارکەوت کە توانی میوانداری کۆنگرەی ئاشتی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پرسی بەلاواز هێشتنەوەی ئەڵمانیا خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ هەموو ئەو حکومەتانەی لەدوای جەنگ دروست دەبوون، دواتریش پرسی بڵاوبوونەوەی شوعیەت و ئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو فاشیزم وەک هەڕەشەیەکی جدی لەلایەن فەڕەنسا سەیر دەکرا (وەلاشی٢٠٢٥: ٩٤).

سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە سیەکاندا لەسەر بنەمای پەیماننامەی ڤێرسای بوو، حکومەتەکانی ئەم وڵاتە هەوڵیان دەدا ئەم سیاسەتە بپارێزن بەڵام شکستی دانوسانەکانی فەڕەنساو ئەڵمانیا لە ٧نیسانی ١٩٣٤ ئەوەی سەلماند هیتلەر نایەوێت بەپێی بەندەکانی ڤێرسا و لۆکارنۆ کاربکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەڵمانیا نیازەکانی خۆی نەشاردەوە لە یەکگرتنەوەی وڵاتەکەی لەگەڵ نەمسا، هەرچەندە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا(جان لويس بارتو١٨٦٢_١٩٣٤) لەبەرامبەر ئەم کارەی ئەڵمانیا هەوڵیدا پۆڵەنداو ئەوروپای ڕۆژهەڵات یەک بخات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو (زادە٢٠٠٨: ٢٥٠)؛(مجموعه مؤلفين دون سنه طبع:١٤٨) حکومەتی بەرەی میللی چونکە لەسەر بنەمای هاوپەیمانەتیەکی ناجێگرو بوونی جیاوازی، لە پرسە دەرەکیەکان دامەزرابوو، لە ساتە وەختی وەرگرتنی دەسەڵات ڕووبەڕووی

کۆمەڵێک ئاڵەنگاری ناوخۆیی ودەرەکی بوویەوە، سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان خوازیاری سیاسەتێکی توند بوون دژی فاشیزم، لەکاتێکدا ڕادیکاڵەکان ترسیان لە هەڵگیرسانی جەنگێکی نوێ لە ئەوروپا هەبوو (martinengo,nd:12)؛(Jackson1988:78).

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە فەرەنسا لەرووی سەربازی و ئابوریەوە لاواز ببوو، بۆیەش لایەنەکانی نێو چوارچێوەی ئەم بەرەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان پشتیان بە بەریتانیا دەبەست، چونکە گەیشتبونە ئەو باوەڕەی بەتەنها ناتوانن ئاسایشی خۆیان بەرامبەر ئەڵمانیا بپارێزن، ئەمەش وایکرد تارادەیەک خواستە سیاسیەکانیان لەژێر سەرکردایەتی لیۆن بلۆم و وەزیری دەرەوە ئیڤۆن دێلبۆس لەگەڵ لەندەن بگونجێنێت، کە سیاسەتی هێورکردنەوە بوو بەرامبەر ئەڵمانیا (young1987:115_112) هەرچەندە بەرەی میللی بانگەشەی ئاشتی بەکۆمەڵ و پشتیوانی کردن لە کۆمەڵەی گەلان و پەیرەوکردنی سیاسەتێکی پتەوی دژی پێشێل کاریەکانی فاشیستی دەکرد، بەڵام دوای داگیرکردنی ناوچەی ڕاین لەساڵی ١٩٣٦ لەلایەن ئەڵمانیا، بەریتانیا وفەرەنسا هیچ کاردانەوەیەکی سەربازیان بەرامبەر ئەم ڕوداوە نەبوو، (cogton 1966:199)؛(weber1994:261) بۆیە دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا حکومەتەکەی بلۆم توانی ئەم بەڵێنانە جێبەجێ بکات؟ بێگومان نەخێر چونکە حکومەتەکە ماوەیەکی کەم لەدەسەڵات مایەوەو بەرەو سیاسەتی پاشەکشەو هێورکردنەوە هەنگاوی نا.

ئەوەی تایبەتە بە پەیوەندیەکان لەگەڵ ئیسپانیا، ئەوا تەنها دوای مانگێک لە هاتنە سەرکاری بلۆم لە تەموزی ١٩٣٦ جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا هەڵگیرسا (بۆزیاتر زانیاری دەربارەی ئەم جەنگە بڕوانە (Graham2005:150) کە یەکەم و گرینگترین تاقیکردنەوە بوو بۆ ئەم بەرەیە، بلۆم بەهۆی هاوسۆزی ئایدۆلۆژی لەگەڵ بەرەی میللی ئیسپانیا لەسەرەتادا ویستی یارمەتی سەربازی پێشکەش بە کۆماریەکان بکات بۆ بەرەنگار بوونەوەی فاشیستەکان، بەڵام بەهۆی فشارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان لە مەبەستەکەی پاشگەز بوویەوە (Thomas1977:257)؛(Gallagher1971:58) چونکە لەناوخۆی فەرەنسا زۆرینەو لەناوپارتە سیاسیەکانیش ڕادیکاڵەکان بەتوندی دژایەتی ئیسپانیایان دەکرد، لەبەر ئەوەی ترسیان لە بەرپابوونی جەنگێکی ئایدۆلۆژی ناوخۆیی هاوشێوەی ئیسپانیا هەبوو، هەرچی باڵی ڕاست و کەنیسەی کاسۆلیکی بوون سۆزیان بۆ (فرانشیسکۆ فرانکۆ ١٨٩٢_١٩٧٥) هەبوو، ڕای چینی گشتیش لەگەڵ ئەوەبوو ئاشتی هەبێت و نەیان دەویست وڵاتەکەیان هاوشێوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕووبەڕووی جەنگێکی تر ببێتەوە (Jackson1988:211)؛(weber1994:263)

سەبارەت بە هەڵوێستی دەرەکی ئەوا بەریتانیا دژی هەرجۆرە دەست تێوەردانێک بوو، چونکە ترسیان لەوە هەبوو جەنگەکە ببێتە ململانەیەکی گشتی ئەوروپی و یەکێتی سۆڤیەت لەرێگەی ئیسپانیاوە پێگەی خۆی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا بەهێز بکات، بۆیەش لەندەن بەڕوونی بە پاریسی ڕاگەیاند ئەگەر فەرەنسا دەست تێوەردان بکات ئەوا ناتوانێت پشت بە هاوپەیمانیەتی بەریتانیا ببەستێ (Dreifort1973:89) لەئەنجامدا حکومەتەکەی بلۆم سیاسەتی دەست تێوەرنەدانی ڕاگەیاندو پێشنیاری دامەزراندنی کۆمیتەی دەست تێوەرنەدانی کرد، دواتر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

له٩تشرینی یەکەمی١٩٣٦ کۆمیتەکە لە لەندەن بە بەشداری ٢٧ وڵات لەسەرووی هەمویان ئیتاڵیا وئەڵمانیا دروست بوو (زاده ٢٠٠٨ :٢٥٦) ئامانج لەدامەزراندنی کۆمیتەکە ڕێگریکردن بوو لە فراوان بوونی جەنگەکەو دووربوونی وڵاتانی ئەوروپا لە پرۆشک و ئاسەوارو کاریگەریەکانی ئەو جەنگە، بەڵام کۆمیتەکە شکستی هێنا، چونکە ئەڵمانیا وئیتاڵیا بەردەوام بوون لەناردنی یارمەتیە سەربازیەکان بۆ فرانکۆ، هەرچەندە بلۆم بۆ ڕاگرتنی جەنگەکەو دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیانە پەنای بۆ وڵاتانی ئەورد بەڵام هەوڵەکانی بێهودە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا جارجار و بەشێوەی نافەرمی چاوی لە تێپەربوونی یارمەتی بۆ کۆماریەکان دەپۆشی، دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەست تێوەرنەدانی فەرەنسا گورزێکی کوشندە بوو بۆ کۆماری ئیسپانیا.(صبح٢٠١٩: ١٤٥-١٤٦)؛(catala1993:245) بەڵام فەرەنسا ناچاربوو پەیرەوی لەم سیاسەتە بکات کە لەگەڵ ئایدۆلۆژی خۆیدا نەدەگونجا ئەمەش بووە هۆی لاوازبونی پێگەی لە ئەوروپاو دروست بوونی ناکۆکی ناوخۆیی(Larkin1997:27).

لەگەڵ ئەوەی فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٣٥ پەیمانێکی هاوکاریان لەنێوانیاندا هەبوو بەڵام یەکێک بوو لە پەیمانە ئاڵۆزەکانی سەردەمی بەرەی میللی(Jordan1992:135) هەرچەندە ڕێگەیەک بوو بۆ گەمارۆدانی ئەڵمانیا، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێک پەیمانەکە ساردی تێکەوت، چونکە ڕادیکاڵەکان متمانەیان بە ستالین نەبوو هەروەها ترسیشیان لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم هەبوو (Dreifort1973:67)، لەبەرامبەردا گومانی ڕشتبوونی فەرەنسا لە ڕووبەڕوو بوونەوەی فاشیزمی لای ستالین دروست بوو، هەر ئەم گومانەش وای لە ستالین کرد لەساڵی ١٩٣٩ پەیمانی مۆلۆتۆڤ- ریبنترۆپ لەگەڵ ئەڵمانیا واژۆ بکات(colton1966:258).

پەیوەندیەکانی حکومەتی بەرەی میللی لەگەڵ ئەڵمانیا کەوتبووە ژێر ترس و دوودڵی، چونکە لەلایەک ئەم بەرەیە وەک بزوتنەوەیەکی دژە فاشیست هاتە سەرکارو ئایدۆلۆژیای نازی بەگەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی فەرەنسا و دیموکراسی لە ئەوروپا دەزانی (wolikow2006:150) لەلایەکی تر حکومەتەی لیۆن بلۆم بەهۆی لاوازی سەربازی و نەبوونی پشتگیریەکی تەواو لەلایەن بەریتانیا لە ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ هیتلەر خۆی دەپاراست، چونکە بەماوەیەکی کەم لە دروست بوونی بەرەی میللی ئەڵمانیا ناوچەی ڕاینی داگیر کرد، بەبێ ئەوەی سوپای فەرەنسا هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت، ئەم بێدەنگیە کاریگەری قوڵی لەسەر سیاسەتمەدارانی فەرەنسا دروستکردو ترسیان لەهێزی ئەڵمانیا زیاتر بوو، تەنانەت ئەم بێدەنگیەی فەرەنسا وای لە وڵاتە هاوپەیمانەکانی وەک چیکوسلۆڤاکیاو پۆڵەندا کرد متمانەیان بە فەرەنسا نەمێنێت (young1978:95)؛ (Jordan1992:110)

خاڵی سەرەکی پەیوەندیەکانی فەرەنساو بەریتانیا لەو ماوەیەدا پرسی پەیرەوکردنی سیاسەتی هێورکردنەوە بوو، بەرامبەر ئەڵمانیا، حکومەتی بریتانیا بەسەرکردایەتی ستانلی باڵدۆین و دواتر نیڤل جەمبەرلین باوەڕیان وابوو لەڕێگەی سازشکردن بۆ هیتلەر ڕێگری لە جەنگێکی نوێ بکرێت کە پێچەوانەی خواستی بەشێکی زۆری چەپەکانی فەرەنسا بوو کە داوای هەڵوێستێکی توندیان دژی فاشیزم دەکرد، لەئەنجامدا فەرەنسا لەبری ئەوەی ببێتە سەرکردەی

هاوپەیمانەتیەکی دژە فاشیست بوو بە پاشکۆی سیاسەتی دەرەوەی لەندەن (colton1966:258)؛(Jackson1988:273) بۆیەش حکومەتی بەرەی میللی هەوڵیدا لەڕێگەی دبلۆماسی و سیاسەتی ئاسایشی بە کۆمەڵ لە چوارچێوەی کۆمەڵەی گەلان، ئاسایشی ئەوروپا بپارێزێت، بەڵام هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون، لەلایەک بەهۆی لاوازی کۆمەڵەی گەلان، لەلایەکی تریش بەهۆی سیاسەتی هێورکردنەوە کە دەرفەتی زیاتری بە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا دا بۆ جێبەجێ کردنی پلانە فراوان خوازیەکانیان (wolikow2006:104).

هەرچی تایبەتە بە سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە داگیرگەکان، ئەوا ئەم بەرەیە لەبنەڕەتدا نەخشەیەکی ڕوونی بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرگەکان نەبوو، بەڵکو زیاتر جەختی لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەکردەوە بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسی وئابوریان (larkin1997:45) بەڵام ئەمە جێگەی ناکۆکی پارتە سیاسیەکان بوو، هەرچی سۆسیالیستەکان بوون مەیلیان بۆ خۆبەڕێوبەری لەداگیرگەکاندا هەبوو، بەڵام ڕادیکالەکان پارێزگریان لەو دۆخە دەکرد کە حکومەتەکانی پێشوتر لەسەری دەڕۆیشتن(Jackson1988:226) لەگەڵ ئەو سنورداریەشدا حکومەتەکەی بلۆم هەندێک هەنگاوی چاکسازی نا بەتایبەتی لە جەزائیر کە خۆی لە پرۆژەی (بلۆم-ڤیۆلێت)[4] دەبینیەوە، چونکە جەزائیر لەوکاتەدا وەک پارێزگایەکی فەڕەنسی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، دانیشتوانەکەی زۆرینە موسڵمان بوون بەڵام لە مافی هاوڵاتی بێبەش بوون، لەبەرئەوەی بەپێی یاسای ساڵی ١٨٦٥ موسوڵمانان تەنها بەومەرجە دەبوونە هاوڵاتی فەڕەنسی کە دەستبەرداری کەسێتی ئیسلامی خۆیان بن، بەڵام پرۆژەکە شکستی هێنا، چونکە بووە هۆی دروست بوونی دووبەرەی جیاواز بەرەیەکی لایەنگرو بەرەیەکی دژ(حواء٢٠٢١-٢٠٢٢: ٢٣-٢٤).

لە کیشوەری ئاسیاش بەدیاریکراوی لەهەردوو وڵاتی سوریاو لوبنانیش حکومەتەکەی بلۆم سیاسەتێکی کراوەتری پەیرەو دەکرد، لەم چوار چێوەیدا و لەساڵی ١٩٣٦پەیماننامەیەکی دۆستایەتی هاوکاری لەگەڵ سوریا واژۆکرد، کە دانی بەسەربەخۆیی سوریا دەناو بەرەو سەربەخۆی دەبرد، لەگەڵ لوبنانیش پەیماننامەیەکی واژۆکرد بەڵام هاوشێوەی پرۆژەکەی بلۆم_ڤیۆلێت ڕووبەڕووی نارەزایەتی بویەوەو لەبەر ئەوە پەرلەمان پرۆژەکەی پەسەند نەکرد(Jackson1988:288).

تەوەرەی چوارەم/ هۆکارەکانی ڕوخانی حکومەتی بەرەی میللی

هەر لەیەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی ئەم بەرەیە، نەیارەکانیان وەک سەرمایەدار و ڕاسترەوەکان دژایەتیان دەست پێکرد وڕایانگەیاند پابەندی بڕیارەکانی ئەم حکومەتە نابن(وڵاشی،٢٠٢٥،٩٣) بەمەش تواناکانی بەرەی میللی لە ئەنجامدانی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان سنوردار بوو. لەئەنجامیشدا حکومەتەکە بەهۆی چەند هۆکارێک ڕووخا (نەوار-نەعنەعی٢٠١٢: ٥١٥).

هۆکاری ئابوری: کاتێک بلۆم دەسەڵاتی وەرگرت وڵاتەکە دووچاری لاوازی دارایی ببوویەوە و کورتهێنانی بوجە لە دوای ساڵی ١٩٣٠ بەهۆی کەمی داهاتی باج و قەیرانی ئابووری ڕووی لەزیادی کردبوو، هەروەها یەدەگی زێریش دابەزینێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی بوو، لە ٨٢ ملیار فرەنک لەساڵی ١٩٣٤ بۆ ٥٥ملیار لەساڵی ١٩٣٦دابەزی بوو (حسن٢٠٢٠: ٢٦٢) هەرچەندە سیاسەتی ئابوری بەرەی میللی لەسەر بنەمای تیۆری بوژانەوە دارێژرابوو کە پێچەوانەی کەم کردنەوەی خەرجی بوو، ئامانج ئەوەبوو لە ڕێگەی زیادکردنی خواستی جەماوەر کرین زیاد بکات و بارودۆخی ئابوری بەرەو باشتر بچێت، چونکە زیادکردنی خواست دەبووە هۆی زیاد بوونی بەرهەم(colton1966:165) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وڵات ڕووبەڕووی قەیران بوویەوە کە خۆی لە بردنە دەرەوەی سەرمایەو دابەزینی بەهای فرەنک و هەڵاوسان بینیەوە، ئەوەی تایبەت بوو بە بردنەدەرەوەی سەرمایە ئەوا کێشەکە ٣ ساڵ بەر لە دەستەکاربوونی ئەم حکومەتە بەهۆی نائارامی سیاسی و قەیرانی ئابوری و زیاد بوونی گرژیە نێودەوڵەتییەکان دەستی پێکردبوو(حسن٢٠٢٠ :٢٦٣) بەدرێژای ماوەی دەسەڵاتی حکومەتی میللی بەردەوامی هەبوو ئەمەش دوای ئەوەهات کە سەرمایەدارو وەبەرهێنەرەکان متمانەیان بەم حکومەتە نەبوو، سەرەڕای پروپاگەندەی ڕاسترەوەکان، بۆیە سەرمایەدارەکان دەستیان بە گواستنەوەی پارەکانیان کرد بۆ سویسراو ئەمریکا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم وڵاتانە ژینگەکانیان لەبارترو ئارام بوو بۆ وەبەرهێنان، هەروەها پارەکانیان بە زێر یان دراوە بیانیەکان دەگۆڕیەوە (kindleberger1986:245) هەربۆیە وەزیری دارایی (فنست ئۆریۆل) بڕی ئەو پارانەی لەنێوان ساڵانی١٩٤٣-١٩٣٦ برابوونە دەرەوە بە ٢٦ ملیار فرەنگ دەخەمڵێنرا، بۆ ئەوەی ئەم پارانە بگەڕێندرێنەوە ناوەوەی وڵات، بلۆم بوجەی بەرگری بڵاو کردەوەو پرۆگرامی پرچەک کردنی سوپای لە ١٩ئەیلولی١٩٣٦ ڕاگەیاند، ئەمەش لەلایەن ڕاسترەوەکان و هەندێک لە چەپەکان دژایەتی کرا ، ئەم بەرنامەیە نەک هۆکار نەبوو بۆ کشانەوەی پارەکانی دەرەوە بگرە پارەیەکی زیاتریش برایە دەرەوە(حسین٢٠٢٠: ٢٦٤)؛(القیسی واخرون دون سنه طبع:٧٤) لەبەرامبەردا پرۆژەکە فشارێکی گەورەی خستە سەر یەدەگی بانکی ناوەندی و دابەزاندنی بەهای فرەنک، هەرچەندە بلۆم دژی دابەزینی بەهای فرەنک بوو بەڵام بەهۆی زۆری فشارەکان بڕیارەکەی قبوڵ کردو بەهای دراوی وڵاتەکەی بە ڕێژەی٣٠٪ دابەزاند و بۆ ماوەیەکی کاتی هەناردەی فەرەنسای بوژاندەوە، بەڵام نەیتوانی ڕێگری بکات لە نەناردنە دەرەوەی سەرمایە(colton1966:211).

لەلایەکی تر بازرگانەکان وازیان لە چاکسازیەکان هێناو نرخی بەرهەمەکانیان بەرزکردەوە، کە بووە هۆی ناڕازی بوونی کرێکاران، لەئەنجامدا مانگرتنەکان سەریان هەڵدایەوە، هەروەها خاوەن کارەکان وکرێکاران سیستەمی٤٠کاتژمێر کارکردنیان بەجۆرێک پەیڕەو دەکرد بووە هۆی داخستنی بەشێک لە کارگەکان، وە ٢ڕۆژ پشووی کرێکاران گاریگەری هەبوو لەسەر دابەزینی بەرهەم، چونکە دەبوایە کرێکاران بەشێوەی نۆرەی جیاواز کاریان بکردبا و نرخەکان دادەبەزین و بەرهەمەکەش زیادی دەکرد و هەڵاوسان دروست نەدەبوو، بەڵام ئەمە ڕوی نەداو کرێکارەکانیش لەگەڵ زیاد بوونی موچەکانیان بەرهەمەکانیان بەنرخی بەرزتر دەکڕی (القیسی واخرون دون سنه طبع:٧٤)؛ (weber1994:256)،

هەربۆیەش مێژوونوس(ژان شارل) هۆکاری کێشە داراییەکانی حکومەتەکەی بلۆم بۆ 3خاڵ دەگەڕێنێتەوە، بەرزکردنەوەی توانای کڕین، دابەزاندنی بەهای دراو، جێبەجێکردنی یاسای40 کاتژمێر کارکردن(حسن٢٠٢٠:٢٦٥).

کاتێک قەیرانی دارایی لە بەهاری ١٩٣٧ ڕووی لە زیادی کرد بلۆم داوای لە پەرلەمان کرد بۆماوەیەک دەسەڵاتی تەواوەتی دارایی پێبدەن، ئەم داواکاریە لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەزامەندی لەسەر درا بەڵام لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە کە (جۆزیف کایۆ) سەرکردایەتی دەکرد ٢جار لە ١٥-١٩ حوزەیران١٩٣٧ ڕەتکرایەوە(colton1966:291) دەکرێت ئەم ڕەتکردنەوەیە لەبەرامبەر ئەوە بووبێت کە مەرجەکانی پارتی ڕادیکاڵ جێبەجێ نەکران، چونکە پێشتر ئاماژەمان پێکرد زۆربەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە سەر بە پارتی ناوبراو بوون.

لیۆن بلۆم بەدرێژایی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی، هەوڵیدا زۆرینەی پەرلەمان پشتوانی لە حکومەتەکەی بکەن و بیپارێزن و لایەنگیری لایەنە سیاسیەکان لەدەست نەدات، بەڵام لەو هەوڵەیدا سەرکەوت و نەبوو بەتایبەتی دوای ئەوەی شوعیەکان ڕەخنەیان لە حکومەت گرت دەربارەی دەستوەردان لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا لەکاتێکدا بەرەی میللی لایەنگری کۆماریەکانی ئیسپانیا بوو(حسن٢٠٢٠ :٢٦٦) هەرچەندە شوعیەکان پشتوانی حکومەتیان دەکرد لە پەرلەمان، بەڵام بەشداریان لە حکومەتدا نەکرد، ئەمەش بۆ ئەوە بوو لەلایەک ئازادبن لە ڕەخنەگرتن کاتێک بڕیارەکانی بلۆم بەدڵی ئەوان نەبێت، لەلایەکی تریش سوود لە دەسکەوتەکانی حکومەت وەربگرن بۆ بەهێزکردنی پێگەیان(Jackson1988:95).

ئەوەی تایبەت بوو بە ململانێی پارتی ڕادیکاڵ، ئەم پارتە پشتگیری چینی ناوەند و خاوەن کارە بچوکەکان وفەرمانبەران وجوتیارانی دەکرد، هەرچەندە لەخانەی پارتە چەپەکان بوو بەڵام لەترسی فاشیزم بەشداربوو لەحکومەت، نیگەرانیەکانی ئەم پارتە لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە شەپۆلی مانگرتنەکان ڕووی لەزیادی بوو. هەروەها نیگەران بوون لەزیاد بوونی دەسەڵاتی سەندیکاکان و سیاسەتی ئابووری و بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لەناو ئەم پارتە دژی بەرەی میللی سەری هەڵدا لەکاتێکدا ئەم ئۆپۆزسیۆنە زۆربەی ئەندامەکانیان لەناو ئەنجومەنی پیراندا بوون، لە کۆبونەوەی پارتەکەشدا کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ لەشاری بیاریتز بەڕێوەچوو بەچەند مەرجێک پابەندبونی خۆیان بۆ حکومەت دووپات کردەوە لەوانە کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکان و ڕاگرتنی پروپاگەندەی شوعیەکان...هتد بەڵام بەهۆی توند بوونی قەیرانی ئابوری گەنجانی ئەم پارتە کە ژمارەیان١٠هەزار کەس بوو لەشاری (کارکامۆن) لە١٩نیسانی ١٩٣٧ دەستیان بەمانگرتن کرد (Jackson1988:206)؛(حسن٢٠٢٠ :٢٦٧-٢٦٨).

جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا یەکێکی تربوو لە هۆکارەکانی ململانێ ودژایەتیکردنی پارتەکان، چونکە حکومەتەکەی بەرەی میللی لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە خرابووە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سیاسی گەورە، هەروەها کۆماریەکانی ئیسپانیاش هاوشێوەی بەرەی میللی بەرەیەکی چەپیان دژی فاشیزم پێکهێنا بوو بۆیە مەیلیان لەوەبوو یارمەتی ئیسپانیەکان بدەن، بەتایبەتیش شوعییەکان، بەڵام بەهۆی فشاری نێودەوڵەتی و بەتایبەت بەریتانیا، مەترسی جەنگی ناوخۆیی

فەڕەنسا و دابەش بوونی کابینە وزاریەکە، فەڕەنسیەکانی خستە بارێکی لەناکاو لەکۆتایشدا سیاسەتی دەست تێوەرنەدانیان هەڵبژارد (Jackson1988:250)؛(colton1966:235).

چالاکی ڕێکخراوە فاشیستەکان: هەروەک لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد یەکێک لە کارەکانی بەرەی میللی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە فاشیستەکان بوو، ئەمەش بووە دەرفەتێک بۆ فاشیستەکان بچنە ناو کاری سیاسی وپارتی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، بەتایبەتیش ڕێکخراوی خاچی ئاگرین بەسەرکردایەتی(فرانسوا دی لارۆک)، لەساڵی١٩٣٦ پارتی کۆمەڵایەتی فەڕەنسی دامەزراند وخۆیان وەک بەرگریکاری کۆمار نیشاندەدا، هەروەها داوای سیستەمێکی سیاسی بەهێزیان دەکرد لە فەڕەنسا، لەلایەکی تریش ژاک دۆریو پارتی گەلی فەڕەنسی دامەزراند و بەهۆی ئەوەی پێشوتر ناوبراو لە پارتی شوعی دەرکرابوو، بەردەوام ڕەخنەی لەو پارتە دەگرت و هێرشی دەکردە سەریان، ئەم دوو پارتە لەماوەیەکی کەم توانیان جەماوەرێکی زۆر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە و دەست بە خۆنیشاندان بکەن دژی حکومەتەکەی بەرەی میللی لەئەنجامیشدا ٦ کەس کوژران و٢٠٠تریش بریندار بوون لە نێویشیاندا(ئەندرێ بلۆمیل) بەڕێوبەری نوسینگەی سەرۆک وەزیران(kennedy2007:215) ؛(حسن٢٠٢٠: ٢٦١).

پڕۆپاگەندەی ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاند: هێزی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە یەکێک بوو لەچەکە هەرە کاریگەریەکانی نەیارانی بەرەی میللی، هەروەک سەرچاوەکان باسی لێوەدەکەن هەڵمەتەکە دوولایەنە بووە، شێواندنی سیاسەتەکانی حکومەت ولەکەدارکردنی خودی کەسایەتی لیۆن بلۆم، ئامانج دروستکردنی کەشێکی نەخوازراو بوو کە حکومەت شەرعیەت لەدەست بدات و چینی ناوەند و پارێزگاران دژایەتی بکەن(Jackson1988:74). بۆیە ڕۆژنامەکانی سەر بە ڕاسترەوەکان هەڵمەتێکی توندیان دژی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان دەست پێکرد، حکومەتیان بە مافیا و بازرگانی چەک و سیخور... وەسف دەکرد، ئەم ڕۆژنامانەش بریتی بوون لە (لاکسیۆن فرانسیس) و (گرینگوار)، ڕۆژنامەی گرینگوار کە(هێندری دی کێریلیس) سەرنوسەر بوو هێرشی کردبووە سەر وەزیری فڕۆکەوانی(پیەر کۆت) و بە ناپاکی کردن بۆ سۆڤیەت تۆمەتباری کردبوو، چونکە زانیاری هێزی ئاسمانی فەڕەنسای بە وڵاتەکە داوە، لەلایەکی تر ڕۆژنامەی (لاکسیۆن) وەزیری ناوخۆ (ڕۆجەر سالینگرۆی) بە هەڵهاتن لەجەنگی یەکەمی جیهانی تاوانبارکرد، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەی لێکۆڵینەوە پێکهات بەڵام کارەکان بێ ئەنجام بوون و وەزیری ناوخۆ لە ١٧تشرینی دووەمی ١٩٣٦ خۆی کوشت، دوای ٤ڕۆژ پەرلەمان بێتاوانی ئەوی سەلماند(حسین٢٠٢٠: ٢٦٠).

جگە لە ڕۆژنامەکان پەرلەمانتارانیش هێرشیان بۆسەر بلۆم دەست پێکردبوو کە ڕەهەندێکی کەسی و دڕندانەیان هەبوو بەرامبەری(weber1994:241)، جولەکە بوونی ناوبراویان کردبووە چەقی ململانێکانیان، لەلای خۆیەوە پەرلەمانتار(گزاڤیێ ڤالا) دەڵێت: "ئەم وڵاتە لەلایەن جولەکەیەکەوە حوکمڕانی دەکرێت...باشترە کەسێک حوکمڕانی ئەم وڵاتە جوتیارە بکات کە ڕەگ وریشەی لەخاکی ئێمەدایە نەک تەلمودناسێکی زیرەک"(Birnbaum2015:142)، هەروەها (چارلز مۆراس) سەرنوسەری ڕۆژنامەی

(ئەکشن فران) بلۆمی وەک خیانەتکارو بێگانەیەک ناوزەند کردبوو، بەئاشکرا ڕایگەیاندبوو کە ناوبراو بە گولە بکوژرێت، چونکە بلۆمی بەکەسێکی کەم ئەزموون نیشان دەداو بە شایستەی نەدەزانی بۆ حوکمرانی فەرەنسا(colton1966:165) سەرەڕای پارێزگاران هەریەکە لە هیتلەرو مۆسۆلینیش سەرۆکایەتی جولەکەیەکی سۆسیالیستیان بە سوکایەتی بۆ کەسایەتی خۆیان دەزانی، هەروەها بەریتانیەکانیش دژایەتی بلۆمیان دەکرد بە بیانوی ئەوەی دژی ئەرستۆقراتیەکانە(ئەحمەد ٢٠١٢: ٨١).

هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان: هەرچەندە لەبواری کۆمەڵایەتی بلۆم دەستی بۆ کۆمەڵێک چاکسازی برد، بەڵام هەموو چینەکانی نەگرتەوە ئەوەتا کرێکارە دێرینەکان موچەکانیان هیچ گۆڕانکاریەکیان بەسەردا نەهات، هەروەها خانەنشینان لەکاتی هەڵبژاردنەکان بەڵێنیان پێدرابوو قەرەبوو بکرێنەوە چونکە دووچاری برسیکردن ببوون لەحکومەتەکانی پێشوتر بەتایبەتیش خانەنشینانی کەرتی تەندروستی، بۆیە وەزیری تەندروستی(هێندری سێلیێر) داوای پەسەندی یاسای خانەنشینی کرد، هەرچەندە یاساکە پەسەند کرا بەڵام پارەی تەرخانکراو بۆ ئەم چینە زۆر کەم بوو، لەلایەکی تریش چاکسازیەکان زیانی بەچینی ناوەڕاست گەیاندبوو کە گەورەترین پشتوانی حکومەت بوون، زۆربەیان مایە پوچ بوون بەشێکیشیان کارگەکانیان داخست، ئەمەش لەئەنجامی زیادبوونی کرێ و پشووی بەموچە بوو کە ٣٥٪ تێچوی کرێی زیاد کردبوو هەروەها ٤٠کاتژمێر کار ببووە هۆی کەم کردنەوەی بەرهەم. لەئەنجامیشدا مانگرتنەکان دەستیان پێکردەوە(حسن٢٠٢٠: ٢٦٦).

ئەم هۆکارانە بوونە هۆی خێرا ڕووخاندنی حکومەتەکەی بلۆم وگەڕاندنەوەی هێزی ڕاسترەوەکان بۆ دەسەڵات(أحمد٢٠٢٠: ١١٤) لەگەڵ ئەوەشدا بەرەی میللی وەک یەکێک لە گرنگترین ئەزمونە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی مێژووی هاوچەرخی فەرەنسا دەمێنێتەوە لەدوای یەک ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی بەرەی میللی (ئیدوارد دالادیە) حکومەتێکی نوێی پێکهێنا دیارترین ئەرکیشی ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسیەکانی ئەڵمانیا بوو(ال طویش٢٠٠٩ : ٩٨)؛(vigreux2022:301).

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین حکومەتەکەی بلۆم هەرچەندە ماوەیەکی کورت لەدەسەڵات مایەوە، بەڵام کاریگەری بەرچاوی لەسەر مێژووی فەرەنسا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی ئابوریەوە شکستی هێناو لەڕووی سیاسیش نەیتوانی بەسەر ناکۆکیەکانی ناو هاوپەیمانەتیەکەی زاڵبێت.

ئەنجام

- توێژینەوەکە دەیسەلمێنێت کە پێکهێنانی بەرەی میللی تەنها بڕیارێکی حزبی نەبوو، بەڵکو وەڵامێکی ناچاری و پێویستیەکی مێژوویی بوو بۆ پاراستنی سیستەمی کۆماری و دیموکراسی

فەڕەنسا لەبەرامبەر مەترسی گەشەسەندنی فاشیزم و لێکەوتە وێرانکەرەکانی قەیرانی ئابوری ١٩٢٩.

- یەکێک لە گەورەترین ئەنجامە ئەرێنییەکانی ئەم حکومەتە، جێگیرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی کرێکاران بوو لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی ماتینۆ، کە بۆ یەکمجار لە مێژووی فەڕەنسا پشووی ساڵانەی بە مووچە و کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کار بۆ ٤٠ کاتژمێر بوونە یاسا ئەمەش بناغەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە فەڕەنسا دارِشت.
- توێژینەوەکە دەریدەخات کە هەرچەندە چاکسازیەکان لە ڕووی کۆمەڵایەییەوە سەرکەوتوو بوون، بەڵام لە ڕووی ئابووریەوە بوونە هۆی تێچووی زۆر بۆ خاوەن کارەکان و هەڵاوسان و ڕاکردنی سەرمایە بۆ دەرەوە، ئەمەش سەلماندی کە جێبەجێکردنی چاکسازی ڕادیکاڵ لەکاتی قەیرانی داراییدا بەبێ پلانێکی تۆکمەی ئابووری مەترسیدارە.
- دەردەکەوێت کە هاوپەیمانیەتی بەرەی میللی بەهۆی جیاوازی قوڵی ئایدۆلۆژی نێوان پارتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان لە ناوەخۆوە لاواز بوو، بەتایبەتی لەپرسی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جەنگی ناوەخۆی ئیسپانیا و سیستەمی سەرمایەداری کە ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵوەشانەوەی بەرەکە.
- توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە فەرەنسا لەم سەردەمەدا نەیتوانی سیاسەتێکی دەرەوەی سەربەخۆ و توند بەرامبەر ئەڵمانیای نازی پەیرەو بکات، بەڵکو بەهۆی کێشە ناوخۆییەکان و فشاری بەریتانیا، پەنای بۆ سیاسەتی دەستوەرنەدان برد، ئەمەش پێگەی نێودەوڵەتی فەڕەنسای لاواز کرد.
- لێکۆلینەوەکە دەریدەخات کە پارتە ڕاستڕەوەکان و ڕاگەیاندنە توندڕەوەکان ڕۆڵێکی وێرانکەریان بینی لە شێواندنی وێنەی حکومەتەکەی لیۆن بلۆم و بەکارهێنانی زمانی توند وەک دژە جوو و تۆمەتی خیانەت. کە ئەمە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ڕووخانی حکومەت و دروستکردنی دووبەرەکی لە کۆمەڵگای فەڕەنسیدا.
- ئەزموونی بەرەی میللی سەلماندی کە دیموکراسی دەتوانێت لەکاتی قەیراندا یەکگرتوو بێت و چاکسازی بکات، بەڵام بۆ بەردەوامی پێویستی بە جێگیری ئابوری و کۆدەنگیەکی سیاسی و قوڵتر هەیە لەوەی کە تەنها لەسەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەی دوژمنێکی هاوبەش دروست بووبێت.

پەراوێز

١- ئەلێکسەندەر ستافسکی، کۆچبەرێکی ڕووسی دانیشتوی فەڕەنسا بوو، لەساڵی ١٩٣٣ ڕێژەیەکی زۆری کەلو پەلی بەنرخ لە بانقەکانی فەڕەنسا دانابوو لە بەرامبەردا چەکێکی٤٠ ملیۆن فرەنکی وەرگرتبوو، بەڵام لە مانگی کانونی یەکەم هەمان ساڵ ئاشکرا بوو بەشێک لە کەل و پەلەکان ساختەن ولەکاتی لێکۆڵینەوە خۆی دەکوژێت، ئەمەش بووە دەرفەتێک بۆ فاشیستەکان کە دەست بە خۆنیشاندان بکەن(وڵاشی٢٠٢٥ :٩٠)؛(کاظم-عبد٢٠١٥ :٩٢).

٢-ليۆن بلۆم، لەساڵی ١٨٧٢ لە پاریس و لەخێزانێکی دەوڵەمەندی جولەکە لەدایک بووە، لە مناڵیەوە خراوەتە بەر خوێندن، لەدامەزراوە پەروەردەیەکانی وەک(ئیکۆل نۆرمال و سۆپەر بۆر) خوێندویەتی دواتر وەک شارەزایەک لەبواری یاسادا لە دام ودەزگاکانی حکومەت کاری کردوە، پێش جەنگی یەکەمی جیهانی پەیوەندی بە پارتی سۆسیالیست دەکات و لەساڵی ١٩٢٠ وەک ئەندام پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت دواتر دەبێتە سەرۆکی پارتەکە لە ٣٠ ئاداری ١٩٥٠ کۆچی دوای کردوە (lacoutre1977:85)؛(berstien2005:112).

٣-بلۆم فیۆلێت، ئەم پرۆژەیە بەناوی هەردوو سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا و جەزائیر بووە، کە لە ١٥تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کرا لە ٣٠ کانونی دووەمی ١٩٣٦ لە رۆژنامەکانی فەرەنسا بڵاوکرایەوە لە ٨بەش و ٥٠ مادە پێکهاتبوو گرینگترین مادەکانی بریتی بوون لە پێدانی رەگەزنامەی فەرەنسی بە زیاتر لە٢١ هەزار کەسی جەزائیری لە ئەفسەرو بازرگان و خاوەن بروانامە باڵاکان...هتد ئەم پرۆژەیە بەیەکێک لە چاکسازیەکانی بەرەی میللی هەژمار دەکرێت بەڵام لە راستیدا تەنها بەڵگەنامەیەک بوو مافی هەڵبژاردنی دەدا بەوکەسانەی مەرجەکانیان تێدا بوو(صباح-مریم ٢٠٢٢-٢٠٢٣: ٤٠)؛(حواء ٢٠٢١-٢٠٢٢: ٢٣).

## سەرچاوەکان


١- سەرچاوە کوردیەکان.

- ئەحمەد، سامان حسێن، ٢٠١٢، زلهێزەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا کۆتایی جەنگی سارد ١٩١٤-١٩٩١، چاپخانەی موکریان، چ١، هەولێر.
- ئەفیمۆفو ئەوانی تر، ٢٠١٣، مێژووی سەردەمی نوێ ١٩٠٠ تاکۆتای سەدەی بیست، چاپخانەی چوار چرا، ب٢، سلێمانی.
- برادۆستی، سامان عوسمان، ٢٠٢١، زلهێزەکانی سەدەی بیست بەریەککەوتنی ئایدیا سیاسیەکان تا کۆتایی تاک جەمسەری ئەمریکا، چاپخانەی ئەحمەدی خانێ، چ١، سۆران.
- زادە، ئەحمەد نەقیب، ٢٠٠٨، مێژووی دبلۆماسی و پەیوەندیە نێونەتەوەیەکان ١٦٤٨-٢٠٠٤، و. مستەفا مەعروفی، چاپخانەی خانی، چ١، دهۆک.
- صبح، علی، ٢٠١٩، سیاسەتە نێو دەوڵەتیەکان لەنێوان هەردو جەنگی جیهانی ١٩١٤ و ١٩٣٩دا، و. شوان ئەحمەد باپیر، چاپخانەی ئەحمەدی خانی، چ١، سۆران.
- نەوار-نەعنەعی، عبدالعزیز سلێمان- عبدالمجید، ٢٠١٢، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا لەشۆرشی فەرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، و. خالید هەرکی، چاپخانەی رۆژهەڵات، چ٣، هەولێر.
- وڵاشی، صدیق محمد، ٢٠٢٥، وڵاتانی ولهێزو ململانێ نێودەوڵەتیەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی تا جەنگی دووەمی جیهانی ١٩١٤-١٩٤٥، چاپخانەی هەرزان، چ١، سۆران.

٢- سەرچاوە عەرەبیەکان.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- أحمد, كمال مظهر, ٢٠٢٠, محاظرات في تاريخ الدول الكبرى بين الحربين العالميتين, دار الحداثة للطباعة والنشر, ط١, بغداد.
- ال طويش, موسي محمد, ٢٠٠٩, العالم المعاصر بين حربين من الحرب العالمية الاولي الي الحرب البارده ١٩١٤-١٩٩١, مؤسسة مصر مرتظى, ط٤, بغداد.
- القيسي واخرون, عبدالوهاب, دون سنة طبع, تاريخ العالم الحديث ١٩١٤-١٩٤٥, وزارة التعليم العالي والبحث العلمي, ط١, بغداد.
- حسين-نحمة, فاضل-كاظم هاشم, ١٩٨٢, التاريخ الأوربي الحديث ١٨١٥-١٩٣٩, وزارة التعليم العالي والبحث العلمي, ط١, بغداد.
- حسن, أزهر كاظم, ٢٠٢٠, أهم المعوقات التي ادت الى سقوط حكومة ليون بلوم الأولى, ١٩٣٧, مجلة القادسية للعلوم الانسانية مجلد ٢٣, العدد-حواء, بودور, ٢٠٢١-٢٠٢٢, مشروع بلوم فيوليت وتداعياته ١٩٣٦-١٩٣٨, رسالة الماجستير, جامعه ٨ماى ١٩٤٥.
- صباح- مريم, مخلوفى-فنيدس, ٢٠٢٢-٢٠٢٣, الجزائريون في برنامج حكومة الجبهة الشعبية الفرنسية ١٩٣٦-١٩٣٨, رسالة الماجستير, جامعه ٨ماى ١٩٤٥.
- كاظم -عبد, قحطان حميد -احمد محمد جاسم,٢٠١٥, الوجيز في تاريخ اوروبا في القرن العشرين من الحرب العالمية الاولى الي التدخل التركي في قبرص, مطبعة جامعة ديالى, ديالى
- مجموعة مؤلفين, دون سنة طبح, الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٤٥, مكتبة زيد للكتب الألكترونية. Pdf

3- سەرچاوە فەرەنسیەکان

•Birnbaum,P. 2015.Lèon:Blum Prime minister, socialist,Zionist.Translated by A. gold-hammer.New Haven,CT:Yale university press.

Berstein, S. 2006. Lèon Blum.Fayard.

•Catala,M. 1993. L'ttitude de la France face à la Guerre d'Espagne: l'échec des négociation pour la reconnaissance du gouvernement franquiste en 1938.Mélanges de la casa de Velàzquez

•Colton, J. 1966. Lèon Blum: Humanist in politics Durham,Nc: Duke university press

•Prost, A. 2002. les gréves de mai-juin 1936 revistées.Le Mouvement Social

•Tartakowsky, D. 1996. Le Frint populair: la vie est à nous.Gallimard

•Vigreux, J. 2022. Histoire du Front populaire : L'échappée belle.Tallandier

•Wolikow,S. 2006. 1936,le monde du Front populaire. Le Cherche midi

0Geo.fr. 2021. Comment a ètè crèè le front populaire? [online] Available at: https://www.geo.fr/histoire/comment-a-ete-cree-le-front-populaire 12l9l2025

4- سەرچاوە ئینگلیزیەکان

- Dreifort, J.E. 1973. Yvon Delbos at the quai d'orsay: French Foreign Policy during the popular Fribt,1936-1938. university press kansas.
- Gallagher, M.D. 1971. Leon Blum and the Spanish civil War journal of contemporary History.
- Graham, Helen 2005 Tha Spanish Civil War,A Very Short. Introduction,Publishd In The United States,By Oxford University Press(Maker).
- Jordan,N. 1992 The popular Fribt and central Europe: The Dilemmas of french impotence, 1918-1940. Cambridge University press.
- Jackson,J. 1988. the popular Fribt front in france: Defending Democracy 1934-1938.
- Kindleberger, C. P. 1986. The world depression 1920-1939. Revised and enlarged edn. Berkeley Ca: University of California press.
- Kennedy,S. 2007. Pitfalls of paramilitaries: The croix de Fue, the parti social Français,and the frenche state, 1934-1939.Journal of conflict studies.
- Lefrance, G 1965. Histoire du frobt populaire 1934-1938.Payot.
- Larkin, M. 1997. France sonce the popular Front; Government and people, 1936-1996. oxford’s university press.
- Maryinengo,F. n.d. The french Foreign policy between 1935 and 1938: The popular Front and appeasement [pdf] Theses.fr.
- Thomas, H. 1977. The Spanish Civil war.3rd ed. Penguin.
- Young, R.J. 1978. In command of France: French foreign policy and military planning,1933-1940. Harvard University press.
- Weber, E. 1962. Action Française: Royalism and reaction in Twentieth-century France. Stanford, Ca: Stanford Ca: Stanford university press.

resources

1- Kurdish sources.

-Ahmad, Saman Hussein, 2012, Great Powers from the First World War to the End of the Cold War 1914-1991, Mukriyan Printing House, Vol. 1, Erbil.

-Afimofu and others, 2013, History of the New Era 1900 to the end of the twentieth century, Chawar Chira Printing House, B2, Sulaimani.

-Bradosti, Saman Osman, 2021, Twentieth Century Powers Clash of Political Ideas to the End of American Unipolarity, Ahmadi Khane Printing House, Vol. 1, Soran.

-Zadeh, Ahmad Naqib, 2008, History of Diplomacy and International Relations 1648-2004, w. Mustafa Ma'rofi, Khani Printing House, Vol. 1, Duhok.

-Subh, Ali, 2019, International Politics Between World Wars 1914 and Shuan Ahmad Bapir, Ahmadi Khani Printing House, Ch1, Soran.

-Nawar-Na'na'i, Abdulaziz Sulaiman-Abdulmajid, 2012, Contemporary European History from the French Revolution to World War II, p. Khalid Harki, Rojhelat Printing House, Vol. 3, Erbil.

-Walashi, Siddiq Mohammed, 2025, International Powers and Conflicts from World War I to World War II 1914-1945, Harzan Printing House, Vol. 1, Soran.

2- Arabic sources.

-Ahmad, Kamal Mazhar, 2020, Lectures in the History of the Great State among the World Warriors, Dar Al-Haddatha Printing and Publishing House, Vol. 1, Baghdad.

-Al-Towish, Musa Mohammed, 2009, Contemporary World Between Warriors from World War I to Cold War 1914-1991, Egypt Mortazi Foundation, Vol. 4, Baghdad.

-Al-Qaisi Wakhrun, Abdul Wahab, Dun Sana Taba', Tarikh al-Alam al-Hadith 1914-1945, Ministry of Higher Education and Scientific Research, Vol. 1, Baghdad.

-Hussein-Nahma, Fazil-Kazim Hashim, 1982, Al-Tarikh al-Aurbi al-Hadith 1815-1939, Ministry of Higher Education and Scientific Research, Vol. 1, Baghdad.

-Hassan, Azhar Kazem, 2020, The Importance of Conflicts That Led to the Collapse of the Government of Lyon Bloom I, 1937, Al-Qadsiyah Journal of Humanities Volume 23, Al-Issue-Hawa, Bodor, 2021-2022, Bloom Fuel Project and Propaganda 1936-1938, Master's Thesis, May 8,

-Sabah-Marym, Makhlofi-Fenids, 2022-2023, Algerians in the program of the French People's Front Government 1936-1938, Master's thesis, University of May 8,

-Kazim -Abd, Qahtan Hamid -Ahmad Mohammed Jassim,2015, The Implications of European History in the Twentieth Century from World War I to the Turkish Intervention in Cyprus, Diyala University Press, Diyala

-Collection of Authors, Don Sana Tabah, The Great State Among the World Warriors 1914-1945, Zaid Library for E-Books. Pdf

3. French sources

•Birnbaum,P. 2015.Lèon:Blum Prime minister, socialist,Zionist.Translated by A. gold-hammer.New Haven,CT:Yale university press.

Berstein, S. 2006. Lèon Blum.Fayard.

•Catala,M. 1993. L'ttitude de la France face à la Guerre d'Espagne: l'échec des négociation pour la reconnaissance du gouvernement franquiste en 1938.Mélanges de la casa de Velàzquez

•Colton, J. 1966. Lèon Blum: Humanist in politics Durham,Nc: Duke university press

•Prost, A. 2002. les gréves de mai-juin 1936 revistées.Le Mouvement Social

•Tartakowsky, D. 1996. Le Frint populair: la vie est à nous.Gallimard

•Vigreux, J. 2022. Histoire du Front populaire : L'échappée belle.Tallandier

•Wolikow,S. 2006. 1936,le monde du Front populaire. Le Cherche midi

0Geo.fr. 2021. Comment a èté crèè le front populaire? [online] Available at: https://www.geo.fr/histoire/comment-a-ete-cree-le-front-populaire 12l9l2025

- 4. English sources
- Dreifort, J.E. 1973. Yvon Delbos at the quai d'orsay: French Foreign Policy during the popular Fribt,1936-1938. university press kansas.
- Gallagher, M.D. 1971. Leon Blum and the Spanish civil War journal of contemporary History.
- Graham, Helen 2005 Tha Spanish Civil War,A Very Short. Introduction,Publishd In The United States,By Oxford University Press(Maker).
- Jordan,N. 1992 The popular Fribt and central Europe: The Dilemmas of french impotence, 1918-1940. Cambridge University press.
- Jackson,J. 1988. the popular Fribt front in france: Defending Democracy 1934-1938.
- Kindleberger, C. P. 1986. The world depression 1920-1939. Revised and enlarged edn. Berkeley Ca: University of California press.
- Kennedy,S. 2007. Pitfalls of paramilitaries: The croix de Fue, the parti social Français,and the frenche state, 1934-1939.Journal of conflict studies.
- Lefrance, G 1965. Histoire du frobt populaire 1934-1938.Payot.
- Larkin, M. 1997. France sonce the popular Front; Government and people, 1936-1996. oxford's university press.
- Maryinengo,F. n.d. The french Foreign policy between 1935 and 1938: The popular Front and appeasement [pdf] Theses.fr.
- Thomas, H. 1977. The Spanish Civil war.3rd ed. Penguin.
- Young, R.J. 1978. In command of France: French foreign policy and military planning,1933-1940. Harvard University press.
- Weber, E. 1962. Action Française: Royalism and reaction in Twentieth-century France. Stanford, Ca: Stanford Ca: Stanford university press.